مەهاباد قەرەداغی



## لە پێناوی گەشەپێدانی
## پرنسیپی یەکسانی
## لە دەستووری کوردستاندا

### سەرەتا:

پێویستە بگوترێت گەڵاڵەی دەستووری کوردستان کە لیژنەیەکی ڕاسپێردراو لە پەرلەمانی کوردستان دایانڕشتووە و لەم ڕۆژانەدا خستیانە بەر دەستی سەرۆک و ڕای گشتی کوردستان، جێگەی سوپاس و دەستخۆشییە، چونکە دەستوورێکی (باش)ە، وەلێ ئێمە کە ئاواتەخوازی دەستوورێکی (زۆرباش)ین، پێویستە لەکەموکوڕییەکانی بکۆڵینەوە و هەر یەکەشمان بە پێی بایەخ و پسپۆڕێتی خۆی لە بوارەکاندا مادەکان و خاڵ و بڕگەکانی بە وردی بگرینە بەر سەرنج و گەڵاڵەی پێشنیارەکانی خۆمان لە بارەیانەوە بخەینەوە بەردەستی ئەو ئازیزانەی کە ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە. هێمایەکی جوانە کە بۆ گوێگرتن و پێداچوونەوەی پێشنیارەکان لیژنەیان پێک هێناوە و دوو مانگ مۆڵەتیان داناوە بۆ وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەکان لە پێناوی سوودوەرگرتن لێیان و دووبارە داڕشتنەوەی دەستووری کوردستان. دیارە پاش داڕشتنەوەی دووەمیش پێویست دەکات جارێکی تر، لای کەم کەسانی پسپۆری هەر یەک لە بوارەکان پێیدا بچنەوە ئینجا بخرێنە بخرێتە دەنگدانەوە لە ڕەفراندەمێکی گشتیدا.

تێبینی من لەسەر ماددەی بیست و یەکە، کە تایبەتە بە پرسی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو لە کوردستان، کە بەو شێوەیەی ئێستای کە لە دەستووردا هاتووە، زۆر کورت و تەمومژاوییە. مافی ژن لە مادەکانی دیکەشدا بە چەند خاڵێکی جیاواز دەربڕدراوە، کە لە زۆربەیاندا لە بەرژەوەندی توخمی مێینەی کوردستانە کە جێگەی دەستخۆشی و سوپاسە، بەڵام لە هەندێکیاندا داڕشتنەکەی بە شێوازێکە، دەکرێ بە هەڵە لێک بدرێتەوە یاخوود کەڵکئاوەژووی لێ وەربگیرێت و لەم شێوەیەیدا ناتوانێت گەرەنتی دابینبوونی هەموو مافەکان بکات. بۆیە گەڵاڵەپێشنیاری خۆم لە بارەی مادەی بیست و یەک و ئەو خاڵانەی کە تایبەتن بە ئافرەتەوە و تێبینیم لەسەریان هەیە، دەخەمە ڕوو، هەر یەک لە بیرۆکەکانیش بە ڕوونکردنەوەی لۆژیکی و موتیڤی هۆشیارانە پشتئەستوور دەکەم.

مادەی بیست و یەک لە دەستووری کوردستان دا بەم جۆرەیە:

(ئافرەت یەکسانە لەگەڵ پیاو و نابێ جیاوازی لە دژی بکرێت و حکومەتی هەرێم هەموو ئەو مافە مەدەنی و سیاسییانەی لەم دەستوورە و لەو پەیمان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەدا هاتوون کە دەوڵەتی عێراق پەسەندی کردوون، دەستەبەر دەکات، هەروەها دەبێ هەرشتێک بە ربەست دابنرێت لە بەردەم یەکسانییان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری و سیاسیدا، لا بەرێت.)

هەڵسەنگاندن و کەم و کوڕییەکانی ئەم مادەیە:

1. لە خودی مادەکەدا جیاکاری کراوە لە نێوان ئافرەت و پیاو، چونکە پیاو و مافەکانی پیاو کراوە بە پێوەر و ستاندارد و ئافرەت و مافەکانی ئافرەت بە پێی ئەو ستانداردە دەستنیشان کراوە. یەکسانی بەهایەکی سروشتی مرۆڤە بە گشتی و بەهرەمەند بوون بە مافی مرۆیی یەکسان کەس بە کەسی نابەخشێت، بەڵام دەشێ بە زۆر و فشار کەسێک لە کەسێکی دیکەی زەوت بکات. ئەم بەهایە لە سروشتەوە (یان لە خوداوە) بەخشراوە بە هەردوو توخمی مرۆڤ بە بێ هەڵاواردن، بەڵام سیستەمی باوکسالاری شێواندویەتی و ئەو مافە سروشتییانەش لە ژێر کاریگەری و زۆری ئەو سیستەمە لە ئافرەت زەوت کراوە و خراوەتە سەر مافەکانی پیاو و ئەوی پێ کراوە بە باڵادەست. لە دەستوورێکی مەدەنی و مرۆڤانەدا دەبێت سروشت و پێوەرە سروشتییەکان بکرێنە سەرچاوە، نەک کولتوور و پێوەرە دەستکردەکانی سیستەمێکی خۆسەپێنەر و چەپێنەری وەک سیستەمی باوکسالاری کە مێژوویەکی دوور و درێژە ژن لە بەهاکان و مافەکان دادەبڕێت و دەیکاتە پاشکۆ و پلەدوو.

2. یەکسانی پرنسیپێکی گرنگە و جگە لەوەی خۆی بەهایەکە، بنەمایەکی پتەوی هەموو بەهاکانی دیکەشە. نە دیموکراتی بە بێ یەکسانی مانا دەدات و نەش دادپەروەری بێ پیادەبوونی ئەم پرنسیپە دەتوانێت بێتە دی. ئەمە تەنها بۆچوونێک نییە، بەڵکە فاکتێکە دەتوانین نەک بە نموونەیەک بە سەدان نموونە پشت ئەستووری بکەین. بۆیە بەها و پرنسیپێکی ئەوەندە گرنگی وەک یەکسانی نەدەبوو  تەنها بە چەند دێڕێکی کورت لە دیکۆمێنتێکی گرنگی وەک دەستووردا بێت، بەڵکە دەبوو بایەخێکی زۆر زیاتری پێ بدرێت و چەندان خاڵیش لە خۆ بگرێت.

3. لەبەر تایبەتمەندێتی کۆمەڵگەی کوردستان و مێژووە سیاسییەکەی، کە هۆکاری چەندان کاتاسترۆفن، چوون پەلامارەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و بارزانییەکان و فەیلییەکان، کە بەهۆیانەوە ئافرەتانی کوردستان زەبری کۆمەڵایەتی و ئابووریيان بەرکەوتووە، بۆیە بۆ ئاسایکردنەوەی ئەو دۆخانە خاڵی تایبەتمان پێویستە مافی ئەو ئافرەتە زیانلێکەوتووانە دیاری بکات و قەرەبوویان بکاتەوە، کە دەیان هەزار کەسن.

4. بەهۆی هەمان تایبەتیمەندییەوە کە لە خاڵی سێیەمدا ئاماژەی پێدرا، ئافرەتانی کوردستان لە مێژە لە زۆربەی مافەکانیان بێبەرین، بۆیە لە هەندێ دۆخدا و بۆ ماوەیەکی کاتی (تا ئەو کاتەی سوود لە دەرفەتەکان وەردەگرن و لەسەر پێی خۆیان ڕادەوەستن) هەڵاواردنێکی پۆزەتیڤانە لە بەرژەوەندی ئافرەتاندا پێویستە، ئەویش بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ڕابردوو. ئەگەر ئافرەت ئەو پانزە ساڵەی ڕابردوو دەرفەت بدرایە سوود لە ئازادی و مافەکانی خۆی وەربگرێت بۆ گەشەسەندنی کەسایەتی و تواناکانی خۆی، دەیتوانی کێبەرکێ لەگەڵ پیاواندا بکات لە هەموو بوارەکاندا، بۆیە پێویستە قەرەبووی ئەو ساڵانەی بۆ بکرێتەوە. قەرەبووکردنەوەی ئەو مافانەش تەنها بەو شێوەیە دەکرێت کە لە دەستووری کوردستاندا بە ڕوون و ڕاشکاوی هەڵاواردنێکی پۆزەتیڤ لە بەرژەوەندی ئافرەتدا، بۆ هەندێ دۆخی گشتی، بکرێت. بۆ نموونە دابینکردنی ڕێژەی دیاریکراوی بەشداری ژنان لە پەرلەمان، حکومەت، ئەنجومەنی پارێزگا و شارەوانییەکان، لە سەرکردایەتی حیزبەکان و سەرۆکایەتی دامودەزگاکانی دیکەی دەوڵەت. چونکە لە کاتێکدا بخرێتە دەنگدانەوە ئافرەتان بەهۆی ئەو جیاکارییەی کە لە ڕابردوودا لە دژیان کراوە دەنگیان پێ نادرێت و بە ئاسانی دەتوانرێت پەراوێز بخرێن. بەڵام دیاریکردنی ئەو ڕێژەیە دەتوانێت گەرەنتی بەشێکی ئەو بەشدارییە بکات.

5. بۆ ئەوەی ئافرەتانی کوردستان (بە گشتی) و لە هەموو چین و توێژەکاندا، بە بێ جیاوازی و هەڵاواردن و بە مەرجی شایستەیی و توانا سروشتی و بەدەستهاتووەکانی خۆیان، مافی بەشداریکردنیان هەبێت لە

بەڕێوەبردنی وڵاتدا و لە هەموو ئۆرگانەکاندا بە بێ ڕەچاوکردنی (مەحسوبیەت و مەنسوبیەت) پێویستە بە ڕوونی ئەمە لە دەستووری کوردستاندا هاتبێت. دەستوور دەتوانێت لەم بوارەشدا گەرەنتی بێت بۆ هەموو ئافرەتانی کوردستان.

6. جگە لە پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، پێویستە حکومەتی کوردستان پابەندیش بێت بەو داخوازینامە و ڕێنومایيانەی کە لە لایەن ئافرەتانی کوردستان خۆیانەوە دەکرێن و دەدرێن بە حکومەت و پەرلەمان. نموونەیەکیش لەوانە ((داخوازینامەی ژنی کورد)) کە لە لایەن دەیان ڕێکخراوی ئافرەتان و ژنانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی هەندەرانەوە کۆکرایەوە و گەڵاڵە کرا و، لە 2004/7/21 دا لە کۆنفرانسێکدا کە لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان ساز کرا، ڕاگەیەندراو و پشتیوانییەکی تەواوی سەرۆکی حکومەتی کوردستانی دەستەبەر کردبوو. بۆ ئاگاداری ڕای گشتیش لە لەسەروبەندی دانانی لیژنەی دارشتنی دەستوور دا ئێمە((لەو دەمەدا وەک ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری یەکسانی)) هاوپێچ لەگەڵ نامەیەکی فەرمیدا لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە داخوازینامەکەمان بۆ پەرلەمانی کوردستان نارد، بەڵام پێدەچێ سوودی تەواویان لێ وەرنەگرتبێت. بۆیە لە کۆتایی تێبینی و سەرنجەکان ، دووبارە ئەم داخوازینامەیە، دەخەینەوە بەر دیدی ئەو بەرێزانەی لیژنەی دارشتنەوەی دەستوور و بەردەمی ڕای گشتی لە کوردستان.

دوای خستنەڕووی ئەو خاڵانەی سەرەوە، پێشنیاری دارشتنەوەی مادەی بیست و یەکەمی تایبەت بە یەکسانی لە دەستووری کوردستاندا بەم شێوەیەی خوارەوە دەکەم:

<u>مادەی 21</u>

پرنسیپی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو، بەپێی پێوەری سروشتی و ئاسایی وەک لە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، لە کوردستاندا پیادە دەکرێت. چەسپاندنی ئەم پرنسیپە لە بڵندترین ئۆرگانی دەوڵەتەوە تا بچوکترین دەزگای ، هەموو بار و بوارەکان دەگرێتەوە. بەم پێیەش لە هەرێمی کوردستاندا:

یەکەم: هیچ جیاکارییەک لە نێوان توخمی نێر و مێدا ناکرێت. هەموو ئەو ماف و ئەرکانەی لەم دەستوورەدا هاتووە هەر هەموویان "نێر و مێ" وەک یەک دەگرێتەوە. حکومەتی کوردستان سیاسەتی یەکسانی دادەڕێژێ و دەیکات بە یاسای یەکسانی. بە پێی ئەو سیاسەتە هەموو ئەو مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووری و کەلتووری و یاسایيانەی کە لەم دەستوورەدا هاتووە، بە یەکسانی بۆ نێر و مێ دەستەبەر دەکات.

دووەم: حکومەتی کوردستان پابەند دەبێت بەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیانەوە کە سەبارەت بە مافی ئافرەتان، دەوڵەتی عێراق پەسەندی کردوون. هەروەها ئەو داخوازینامە و جارنامە خۆماڵییانەی کە ئافرەتانی کوردستان پێشکەش بە حکومەت و پەرلەمانی کوردستانیان کردوون.

سێیەم: لەبەر تایبەتمەندی بارودۆخی کۆمەڵگەی کورد و هەرێمی کوردستان، وەک لە دیباجەی ئەم دەستوورەدا هاتووە، ئافرەتانی کوردستانیش بارودۆخێکی تایبەتی و دژواریان هەبووە و لە پای ئەوەدا زیانیان پێ کەوتووە و دەرفەتی ئەوەیان نەبووە وەک پێویست پەرە بە خۆیان بدەن و پێویستیان بە قەرەبووکردنەوەیە، بۆ ئەو مەبەستەش تا ئەو کاتەی کە لەسەر پێی خۆیان ڕادەوەستن و لە ڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتوورییەوە خۆیان تەواو پێش دەخەن، لە هەندێک دۆخی پێویستدا لەبەرژەوەندی ئافرەتاندا (بە مەبەستەوە) هەڵاواردن دەکرێت، بۆ نموونە دانانی ڕێژەی دیاریکراو بۆ بەشداریکردنیان لە ئۆرگانە حیزبی و حکومییەکاندا.

چوارەم: حکومەتی کوردستان بەرپەنگاری هەموو جۆرە هەڵاواردن و توندوتیژییەک دەبێتەوە کە بەرامبەر بە ئافرەتانی کوردستان پیادەیە. سەرپێچیکارانی ئەم دەستوورە و پێشێلکارانی مافەکانی ئافرەت بەرەورووی سزا دەکرێنەوە، کە لە یاساکاندا دەستنیشان دەکرێت.

***

ئەم پێشەکی و چوار خاڵە گرنگە پێکەوە مادەی بیست و یەکەمی دەستوور پێک بهێنن و بە روونی گەرەنتی ئەو یەکسانییەمان بۆ بکەن کە مەبەستمانە و دەمانەوێت. جگە لەمانەش خاڵەکانی دیکە، کە لە مادەکانی تری دەستووردا هاتوون دەخەینە ژێر باری سەرنج و، ئەڵتەرناتیڤی دارشتنەوەیان دەخەینە روو.

مادەی بیست و سێ ، خاڵی دووەم بەم جۆرەیە:
(لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان – عێراق و ئەنجومەنی خۆجێی و شارەوانییەکاندا رێژەیەک بۆ ژنان تەرخان دەکرێت کە لە 25% ی کورسییەکان کەمتر نەبێت).

دارشتنی ئەم خاڵە دەقاودەقە لەگەڵ هەمان خاڵ کە لە دەستووری دەوڵەتی عێراقدا هاتووە، کە ئێمە هیچ شتێک ناچارمان ناکات ئەم خاڵە بە بێ رەچاوکردنی بارودۆخی خۆمان کۆپی بکەین، لە کاتێکدا مافی ئەوەمان هەیە بە پێی بارودۆخی تایبەتی کوردستان دەستووری خۆمان دابنێین و هاودژیش نەبێت لەگەڵ هی عێراقدا.

ئێمە کاتێک لە مادەی بیست و یەکەم باس لە پرنسیپی یەکسانی دەکەین و یەکسانیش بە مانای رێژەی یەکسانی بەشداری ئافرەتان و پیاوانە لە هەموو دامودەزگاکاندا، لەگەڵ ئەم خاڵەدا دەکەونە ناکۆکی. هەندێ کەس بە پێویستی نازانن ئەم رێژەیە هەبێت، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدام رێژەیەک دیاری بکرێت و لەم سەرەتایەدا و تا ژنی کوردستان بە تەواوی سوود لە دەرفەتەکان وەردەگرێت بۆ سەقامگیرکردنی پێگەی خۆی، سوود لەم رێژانە وەربگرێت و ئەو رێژانە حکومەتیش بگرێتەوە. هەر هەوڵێک بە هەر پاساوێکەوە بێت بۆ لابردنی ئەم خاڵە زیانێکی گەورە بە مافەکانی ژن دەگەیەنێت لە ئێستادا. ئەو ناکۆکییەش کە لە نێوان مادەی بیست و یەکەم و ئەم خاڵەدا هەیە دەتوانرێت بە شێوەیەکی تر دابرێژرێتەوە و، ئەو ناکۆکییە چارەسەر بکات. پێشنیاری من بۆ دارشتنەوەی ئەم خاڵە بەم شێوەیەیە:

(لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دانانی حکومەتی کوردستان، لە ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و شارەوانیەکان، تا ئەو کاتەی کە ئافرەتان دەتوانن سوود لە دەرفەتەکان وەربگرن بۆ پێشخستنی خۆیان و بەشدارییەکی یەکسان، لەم سەرەتایەدا رێژەیەک بۆ ژنان تەرخان دەکرێت کە لە 25% کەمتر نەبێت. ئەم رێژەیەش ئافرەتانی کوردستان بە یەکسانی بەهرەمەند دەبن پێی و تەنها رەچاوی شایستەیی و تواناییان دەکرێت و، هیچ مەحسوبیەت و مەنسوبیەتێک، لەبەرچاو ناگیرێت).

سەبارەت بە مادەکانی تر کە لە خاڵەکانی ژێریاندا باس لە هەندێ وردەکاری تری مافەکانی ژن کراوە، پێویستیان بە دارشتنەوەیە بە شێوەیەکی روون و نوێ، بۆ ئەو مەبەستەش (داخوازینامەی ژنی کورد) کە بەڵگەنامەیەکی ناسراوە لە کوردستان و لە میدیاکانیشدا هەر لە ساڵی 2004 دا بە زمانی کوردی (کرمانجی سەروو، خواروو)، زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی و تورکی و فارسیش بلاوکراوەتەوە. بەو نیازەی کە لە خاڵەکانی سوودوەربگیرێت، دووبارە دەیخەینەوە بەردەستی لیژنەی دارشتنەوەی دەستووری کوردستان. وەک ئاماژەشم پێدا ئەم داخوازیانە هی ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراو و سەندیکا و کەسایەتی نووسەر و پسپۆری کورد و بیانی هەموو بوارەکانە و، ئەرکی دارشتنەوەشی (پرۆژەی ژنی کورد) بە هاوکاری (پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد) کە دوو رێکخراوی کوردی نێونەتەوەیین، وەئەستۆی خۆیان گرت. ئەم بەڵگەنامەیە لە چەندان کۆنفرانسدا لە

پەرلەمانی بەریتانیا، لە پەرلەمانی کوردستان، لە شاری ستۆکهۆڵم و چەند وڵاتی تر خراوەتە ڕوو، هی ئەوەیە بە بایەخێکی زۆرەوە لە دارشتنەوەی دەستووردا ڕەچاوی خاڵ و وردەکارییەکانی بکرێت.

2006/10/04
هەولێر/کوردستان
mahabad03@hotmail.com
qmahabad@hotmail.com

***

فەرموون ئەوەی خوارەوە بەڵگەنامەی داخوازیەکانی ژنی کوردە:

## داخوازینامەی ژنی کورد

### داخوازینامەبۆ ماف و ئازادییەکانی ژنان لە هەرێمە کوردییەکان و ژنانی کورد لە هەندەران

پرۆژەی ژنی کورد و پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد،

بە تێبینی ئەوەی کە یاسا بناغەی دادپەروەری، یەکسانی، ئاسایشی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتووری و ئابوورییەو، بەرگریکاری پاراستنی مافەکانی تاکە،

لە سەر ئەو بڕوایەی کە بنچینەی سەقامگیر بۆ کۆمەڵگەی نوێ لە هەرێمە کوردییەکان، تەنها لە ڕێگەی دیموکراسی و یەکسانییەوە دێتەئاراوە،

لە سەر ئەو بڕوایەی کە تەنها جیایی ئایین لە دەوڵەت دەتوانێ مسۆگەری کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکراتی بێت.

بەرەچاوکردنی بایەخی گۆڕین و دانان و پیادەکردنی یاسا لەسەر بنەما گەردوونییە گشتگرەوەکانی مافەکانی مرۆڤ لە پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان لە سەر مافی مرۆڤ و ڕێککەوتننامە، بڕیارنامە، جاڕنامە و ڕاسپێرییە پەسەندکراوەکانی تر،

بە نیگەران لەوەی کە ئایین زۆر جار کەڵکئاوەژووی لێ وەردەگیرێت بۆ مەبەستی ڕەوایەتیدان بە پێشێلکردنی مافەمسۆگەرکراوەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا و زەمینەخۆشکەری هەڵاواردنە دژ بە ژنان،

بە هۆشیار لەوەی کە گۆڕانکاری لە ڕۆڵی نەریتی پیاوان و ئافرەتان لە کۆمەڵگەی کورد و، لە ناو خێزانی کورد دا پێویستییەکە بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی تەواوی ژنان و پیاوان،

بە سووربوون و پێداگرتن لەسەر پیادەکردنی بەندەکانی پەیماننامەی لەناوبردنی هەموو جۆرە جیاکارییەک دژ بە ئافرەتان (CEDAW) و بانگەوازی نەهێشتنی هەموو جۆرە توندوتیژییەک دژ بە ژنان،

ئێمە بەپێویستی دەزانین داخوازییەکانی ژنی کورد بۆ یەکسانی بخەینەڕوو، بە مەبەستی هێنانەدی گۆڕانکاری بنەڕەتی بۆ هەموو ژنان لە هەرێمە کوردییەکان و هەروەها لە کۆمەڵگەی کورد لە هەندەراندا، ئەم داخوازییانەی خوارەوەمان هەیە:

خاڵی 1

هەر دامودەزگایەکی یاسایی لە ناوچە کوردییەکاندا، هەموو شێوەیەکی هەڵاواردن دژ بە ژنان بەتاوان دابنێت و قەدەغەی بکات. وەک لە(CEDAW) دا هاتووە دەستەواژەی "هەڵاواردن دژ بە ژنان" بە مانای هەموو جۆرە جیاکارییی، بێبەشکردن و سنووردارکردنێکە کە پیادەدەکرێت لەسەر بنەمای توخم "جنس" کە ئاکام یان مەبەستی بێبایەخکردن یان بەتاڵکردنەوەی ئاگادارییی، بەهرەمەندیی یان توانای بەکاربردنە لە ژناندا، بێ ڕەچاوکردنی هاوسەرداریێتی یان چۆنیەتی ژیانی جنسییان، لەسەر بنەماکانی یەکسانی پیاو و ژن، لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە بواری سیاسی، ئابووری، کلتووری ، مەدەنی و بوارەکانی تر.

خاڵی 2

ژنان نابێت ڕووبەڕووی هەڵاواردن ببنەوە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گشتیی لە کۆمەڵگەی کورددا، بە تایبەتیش پێویستەبەهرەمەند بن لە:

ئا- مافی یەکسان لەبەرانبەر یاسادا، بۆ نموونە مافی یەکسان لە گەواهیداندا؛

بێ- مافی دەنگدان لە هەموو هەڵبژاردنەکان و خۆپاڵاوتن بۆ هەموو دامودەزگا گشتییە هەڵبژێردراوەکان؛

پێ- مافی بەشداریکردن لە ناوەندەکانی بڕیاردا چ لەسەر ئاستی ناوچەیی و چ لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی؛ وەک پەرلەمان، حکومەت و پارتە سیاسییەکان.

تێ- مافی بەشداریکردن لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا؛

خاڵی 3

هەموو هەوڵ و تواناکارییەک بخرێتە کار بۆ بەربەستکردن و بنبڕکردنی هەڵاواردن دژ بە ژنان لە هەموو پەیوەندییەکانی خێزان و لە ژیانی هاوسەرێتی دا، بە تایبەت:

ئا- ڕەوایەتی نەدرێت بە هاوسەرداری بە بێ ڕەزامەندی تەواوی هەردوولا و، هیچکامیان تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمتر نەبێت؛

بێ- ئەرک و مافی یەکسان بۆ هەر دوو هاوسەر هەبێت، چ لە ماوەی پێکەوەژیانیی و، چ لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی ژیانی هاوسەرێتیدا؛ بۆ نموونە مافی بەرهەمهێنانی نەوە.

پێ- مافی یەکسان لە بڕیاردانی ئازادانە لەسەر ژمارەی منداڵ، بەدەستهێنانی زانیاری و فێربوون و ڕووناکبیریی، بەدەستهێنانی ئامرازە سەرەکییە پێویستەکان بۆ یارمەتیدانیان لە بەکارهێنانی مافەکانیاندا؛

تێ- مافی یەکسان لە میرات و خاوەنێتی و موڵکداریدا؛

جێ- قەدەغەکردنی نەریتەکانی وەک فرەژنی، هاوسەرێتی کاتیی و مارەیی.

خاڵی 4

هەموو جۆرە هەوڵ و تواناکارییەکی پێویست بخرێتە کار بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردن دژ بە ژنان لە بواری کارکردن و دامەزراندن لە کاردا، بە تایبەت:

ئا- مافی ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لە کار و دامەزراندن لە کار و، مووچەو هەقدەستی یەکسان؛

بێ- قەدەغەکردنی لەکاردەرکردن لە سۆنگەی زگپڕیی یان مۆڵەتی منداڵبوون و گۆشکردنی منداڵ؛

پێ- دانانی ماوەی مۆڵەتی باوکایەتی بە مووچەوە؛

تێ- دابینکردنی کۆمەکی پێویست و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی وەک دایەنگەو باخچەی ساوایان، تا دایکان و باوکان بواری ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ژیانی خێزانی و کارکردن و، هەروەها دەرفەتی بەشداریکردنیان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ بڕەخسێت؛

خاڵی 5

1- دەستەواژەی" توندوتیژی دژ بە ژنان" بە مانای هەموو جۆرە ڕەفتارێکی توندە کە لەسەر بنەمای ژێندەر پیادە دەکرێت کە دەبێتە، یان "ڕەنگە ببێتە"، هۆی زیان و ئازاری سێکسی، فیزیکی و دەروونی ئافرەت. هەروەها هەڕەشەی ئەو کردەوە ئازارئامێزانە، زۆرلێکردن یان بێبەشکردن لە ئازادی چ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و چ لە ژیانی تاکییدا.

2- بەگەڕخستنی هەموو جۆرە هەوڵێک بۆ بنبڕکردن و بەتاوانداناني توند و تیژی دژ بە ژنان و، ڕەچاونەکردنی هیچ جۆرە داب و نەریت یان ڕێسا و ڕوانینێکی ئایینی کە بە مەبەستی خۆلادان لەم ئەرکە لە ئارادایە، بە تایبەت:

ئا- بەربەستکردن، لێکۆڵینەوە و ، بە پێی یاسا هەموارەکان، تەمبێ کردنی کردەوەی توندوتیژیئامێز دژ بە ژنان، جا ئەو کردەوانە لە تاکێکی کۆمەڵگە ڕوودات، یان لە لایەن دامودەزگای حکومەتەوە بێت؛

بێ- گەشەپێدانی سزاکان بۆ تاوانی جەزایی، مەدەنی و تاوانەکانی تر لە یاساکانی ناوخۆییدا بەمەبەستی تەمبێ کردن و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان، بۆ نموونە"کوشتنی ژنان بە پاساوی پاراستنی شەرەف" بە تاوانی کوشتنی بەمەبەست دابنرێت و، پەناگا و کۆمەکی پارێزگاریی بۆ ئافرەتان و منداڵەکانیان دابین بکرێت.

پێ- بنبڕکردنی هەموو جۆرە بڕیارێکی زاڵمانە، نامرۆڤانە و سووکاریی وەک بەردباران کە بەتایبەتی بەرەوڕووی ژنان دەبنەوە و پیادەدەکرێن.

خاڵی 6

بەگەڕخستنی هەموو هەوڵ و توانایەک بۆ بەربەستکردنی کەڵکئاوەژووو وەرگرتنی سێکسی و بازرگانی و سەوداوامامەڵەکردن بە سێکسی ژنان و کچان.

خاڵی 7

هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی پێویست بۆ بەربەستکردنی هەڵاواردن دژ بە ژنان لە بواری خوێندن و فێربوون دا بکرێت بە تایبەت:

ئا- پێدانی دەرفەت و سازکردنی هەلومەرجی یەکسان بۆ کچان و کوڕان لە بواری خوێندن و پەروەردەی پیشەییدا. پێشنیاری نۆ ساڵ خوێندنی بەزۆر و بەخۆڕایی بۆ منداڵان دەکەین؛

بێ- هەموو جۆرە بۆچوون و تێڕوانینێک کە زەمینە بۆ هەڵاواردن دەسازێنێ سەبارەت بە ڕۆڵ و ئەرک و مافەکانی ژنان و پیاوان لە سیستەمی پەروەردە دا نەمێنێت و، بە تایبەت پەرتووکی خوێندنی فێرگەکان دەبێت سەرلەنوێ دابهێنرێنەوە و چاپبکرێنەوە بە جۆرێک کە ئەرکی مێژوویی ژنان لە کۆمەڵگەدا لە ناویاندا ڕەنگ بداتەوە.

پێ- سازاندنی دەرفەتی یەکسان بۆ ژنان بۆ ئەوەی بتوانن وەک پیاوان لە قۆناغی خوێندنی باڵادا سوود لەیارمەتییەکان وەرگرن بۆ گەشەپێدانی خۆیان؛

خاڵی 8

1- هەوڵ و تەقەلای پێویست بدرێت بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرێکی هەڵاواردن لە بواری سەرپەرشتی تەندروستی و بە مەبەستی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری لەبواری سەرپەرشتی تەندروستیدا، بۆ نموونە لەوانەدا کە پەیوەندی بە پلانی بەرنامەی خێزانەوە هەیە.

2- ئاکارە نەریتییەکانی وەکو خەتەنەکردنی مێینە بە پێی یاسا قەدەغە بکرێن.

خاڵی 9

هەوڵ و كۆششی لێبڕاوانە بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک لەبوارەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، بە تایبەت:

ئا- پێدانی دەرماڵەی تایبەت بە خێزانەکان، بۆ نموونە بە ژنانی ئەنفال، منداڵان، خێزانە ئاوارەکان و خێزانە زیانلێکەوتووەکان؛

بێ- دابینکردنی کۆمەکی تایبەت بۆ ژنان بۆ پرسەکانی تایبەت بە ڕێنومایی و ڕاوێژی یاسایی لە پەیوەندی بە هەڵاواردنی پیادەکراو دژ بە ژنان.